دیدگای عێراق ٢٠٥٠: کەمکردنەوەی پشتبەستن بە نەوت و گەیشتن بە گەشەی بەردەوام

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، جەخت لەوە دەکاتەوە کە دیدگای 2050 کاردەکات بە تەپڵاندنی قەیرانەکان و بەرزکردنەوەی پێگەی ناوچەیی و نێودەوڵەتیی عێراق.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەڕاگەیەندراوەکدا کەدەستی موتەبع کەوتووە بەاویکردەوە،سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، سەرۆکایەتی ئاهەنگی دەستپێکردنی دیدگای 2050ی عێراقی بەرەو گەشەپێدان و ئایندە کرد، بە ئامادەبوونەکی بەرفراوان لە سەرکردەکانی دامودەزگاکانی دەوڵەت و سەرۆکی دەستە حکومییەکان و نوێنەرانی کەرتی تایبەت و باڵیەز و دیپلۆماتکارانی نوێنەرایەتییە دەرەکی و نێودەوڵەتییە باوەڕپێکراوەکان لە عێراق، هەروەها ژمارەیەک لە ئەکادیمی و پسپۆڕان و پیشەگەرەکانی میدیا.

وتیشی سودانی ستایشی هەوڵەکانی لیژنەی ستراتیژی نیشتمانی کرد لە ئامادەکردنی ئەم دیدە، کە حکومەت لە مانگی ئازاری 2023 دەستیپێکرد و تیشک دەخاتە سەر تەورە سەرەکییە نیشتمانییەکان، کە دیارترینیان دامەزراندنی کەمەگەیەکی زیندوو و بەرهەمدار و ئابوورییەکی گەشەپێدانی سەروەری هەمەچەشن و بەردەوام و حکومەتەکی زیرەک و عەقڵانی و پێگەیەکی هاوسەنگی ناوچەیی و نێودەوڵەتییە،

هەروەها گەنجان لە ناوەند و ئامانجدا دادەنێت، لە پشتبەستن بە دەزگاکانی چاودێری دیجیتاڵی، و میکانیزمەکانی دارایی درێژخایەن، بە هاوبەشی لە نێوان کەرتی گشتی و تایبەت، و هاوکاری نێودەوڵەتی کاریگەر.

سەرکی ئەنجومەنی وەزیران ئەوەی ڕوونکردەوە کە حکومەت لەسەرەتای ئەمساڵ تیمێکی نیشتمانی بە سەرکایەتی وەزارەتی پلاندانان و دەستەی ڕاوێژکاران، و لایەنە پەیوەندیدارەکان پێکهێنا، بە کارکردن لەگەڵ پێیمانگای جیهانی (مەکنزی) بە پەرەپێدانی دیدێکی نیشتمانی گشتگیر و پێشنیارکردنی بەرنامە و چارەسەر بە هەمەچەشنکردن و داهێنانەوەی ئابووری عێراق و کەمکردنەوەی پشتبەستن بە نەوت و زیادکردنی بەشداریکردنی کەرتی تایبەت و بەدەستهێنانی گەشەی بەردەوام، و سودوەرگرتن لە ئەولەویەتەکانی پلانی گەشەپێدان.

سودانی جەختی لەوە کردەوە کە دیدگای عێراق 2050 نوێنەرایەتی ڕەبازێکی نیشتمانی گشتگیر دەکات کە دەوڵەت لەگەڵ دامەزراوەکانی و کەرتی تایبەت و زانکۆکان و کەمەڵەی مەدەنی و گەنجان تێیدا بەشدار دەبن، هەروەها وەک پێیامێکە بە جیهان کە عێراق دەستی بە بووژانەوە کردووە و ڕێی خێی وەک هێزێکی بەرهەمدار و کاریگەر بە ئاشتی و سەقامگیری و خۆشگوزەرانی بەدەست دەهێنێتەوە